Yekêtî Nivîsarên Kurd
Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland
یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆلەندە

بەناوی کوردستانی گەورە

# کاری هونەری شاز تیاچوونی عەستەمە



ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com
تاران – 14/3/ 2709

لە خولقاندنی شوێنەوارە جۆربەجۆرەکانی هونەری دا ، وەک هۆنراوە، پەخشان، نووسراوە ، کتێب ، شێوەکاری ، پەیکەرسازی و هتد ، هەمیشە چۆنایەتی بەرهەم گرنگە ، نەک زۆرایەتی . بۆ وێنە ، هۆنەرێک دەتوانێ بە نووسینی تاقە هۆنراوەیەکی شاز ، خاوەن هەست و پەیامی باش ، ناوی لە پەڕتووکی مێژووی ئەدەبی دا ، بە چەشنی نەمر و هەرماو ، بۆ هەتاهەتایە تۆمار بکا ، بەڵام ئەگەر پڕ چەند کتێب هۆنراوەی دەرەجە سێ و چوار و سواو بنووسین ، نە لە تەرازوی وێژەیی دا سەنگێکی ئەوتۆی دەبێ ، نە لە دڵی خەڵک دا جێگە دەکاتەوە و نە کەڵکێکی وای هەیە . رەنگە ئەو چەشنە هۆنراوانە ، لە پێش هۆنەرەکانیان داکۆچی دوایی بکەن و بە جارێ لەبیر بچنەوە .

بەڵام هۆنراوە و بە گشتی کاری هونەری سەرکەوتو و شاز و باش ، وەک زێڕ وان ، قەت لە ژێر شێ ، لەنگێزە و کەشوهەوای جەرخانی تەگەری مێژودا ، ژەنگ ناهێنن و ناڕزێن .

بۆ وێنە ، مەگەر هۆنراوەکانی ماموەستا ناڵی ، لە کاتی خودی خۆیدا چاپ بوە ؟ یا تەنانەت هۆنراوەکانی ماموەستا هێمن خۆی پارەی داوە و چاپی کردوە ؟ ئەم چەشنە هۆنراوانە ، وەک شمشی زێڕ وان ، هەر نووسران و کەوتنە دەستی کۆمەڵگە ، خەڵک کۆیان دەکەنەوە ، رێک و پێکیان دەکەن و لەوانەیە بڵێم ، بە پیتی زێڕ لە چاپیان دەدەن.

کاکڵ : لێرەدا ،بەم ئاکامە دەگەین : کە گرنگ ئەوە نیە ، کۆڵێک هۆنراوەی رەمەکی (گۆترە) و ناشاز بنووسین، چاپیان بکەین و بیبرین بە سەر خوێنەر دا ، گرنگ ئەوەیە – با بە بارستایی و ئەژمارەدە زۆریش نەبێ – ، ئەگەر لە دەستمان دێ و ئەو مرخ( زەوق) ەمان هەیە ، هۆنراوە و شتی وێژەیی باش ، پڕ پەیام،

سوودمەند  و لەبەردڵان بنووسین ، کە ئەگەر خۆشمان لە چاپی نەدەین ، بەو مەرجەی بگاتە دەستی کۆمەڵ ، خەڵک لە چاپیان دەدەن و بڵاویان دەکەنەوە . بە کورتی : خوێنەر چاوەڕوانی ئەوە نیە کە هۆنەر خێرا خێرا و بەپەلە هۆنراوە  هەڵبەستێ  ، بەڵکە چاوەڕوانی ئەوەیە ، کە با کەمیش بێ ، هۆنراوەی باش ، شاز و پڕ پەیامی سوودمەند بنووسێ ، جا لە هەر چوار چێوەیەکی ویژەیی دا بێ . بۆ هۆنراوە چۆنایەتی گرنگە ، نەک زۆرایەتی تەنیا .